پرسیارەکانی وانەی

گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پاش ۲۰۰۳

بەشی زانستە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی

دبلۆمی باڵا

سمستەری دووەم: ساڵی خوێندنی ۲۰۲۳_۲۰۲٤

د.جلیل عباس نادر

1- باسی چۆنیەتی دروست بوونی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بکە؟

2- باسی بۆچوونەکانی ماهان و چیرۆڵ بکە سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

3- ناوی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بنووسە و گرنگترین رووداوەکانی ئەم ناوچەیە تەنها بژمێرە؟

4- بە وردی تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بنووسە؟

5- باسی تیۆری مەکیندەر بکە و لەم تیۆرییە چۆن باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە؟

6- ئەو تیۆریە جیۆپۆلەتیکیانە بژمێرە کە باسیان لە پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کردووە؟

7- مەکیندەر پێی وابوو دووناوچە دەوروبەری ناوچەی هارتلەندیان گرتووە ئەمە روون بکەرەوە؟

8- ئالفرێد ماهان لە تیۆریەکەی بە چ شێوەیەک باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە؟

9- بەراوردێک بکە لە نێوان بۆچوونەکانی مەکیندەر و ماهان سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

10- تیۆری ریملەند باس بکە و پێگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم تیۆریە شی بکەرەوە؟

11- سۆئێل بی کوهین ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دوو هۆکار بە بەشێک لە کەمەربەندی ئالۆزی و گرژی ناودەبات، ئەم هۆکارانە روون بکەرەوە؟

12- باسی بۆچوونەکانی سۆئێل بی کۆهێن بکە سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

13- خاوەنی تیۆری پێکدادانی شارستانییەتەکان کێیە و پێگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم تیۆرییە باس بکە؟

14- باسی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکە لە روانگەی زبگینیۆ بێرژێنسکی؟

15- توێژەرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە روانگە جیاوازەکان باسی هۆکارەکانی دروست بوونی قەیرانی عێراقیان کردووە، ئەم روانگانە باس بکە؟

16- یەکێک لە قەیرانە جیۆپۆلیتیکیەکانی پاش سەدام زۆربوونی شۆرشی سوننەو ململانێکان لەسەر وقەڵەمڕەوی جوگرافیاییبوو، بە وردی باسی بکە؟

17- باسی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد لەسەردەمی پاشی داعش بکە وەکو یەکێک لە قەیرانە جیۆپۆلیتیکیەکانی عێراقی نوێ؟

18- باسی پێکهاتەی دەسەڵاتی ئاییندەی عێراق وەکو بەردەوامبوونی قەیرانی جیۆپۆلەتیکی بکە؟

19 - جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە سێ سەرچاوە کاریگەری وەردەگرێت تەنها بیاننوسە پاشان بە وردی باسی یەکێکیان بکە؟

20 - کاریگەری ئاستی نێودەوڵەتی لە سەر جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست باس بکە؟

21 - باسی کاریگەری ئاستی ناوچەیی بکە لە سەر جیۆپۆلەتیکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

22 - لە ئاستی ناوچەیی باسی گرنگترین گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکە؟

23 - باسی قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا بکە؟

24 - بە رای زانایانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ریشە و فاکتەرەکانی گۆڕانکارییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

25 - قەیرانی سوریا لە جۆری قەیرانی جیۆپۆلیتیکیە، بە وردی لە سەر ئەمە بنووسە؟

26 - ئەو فاکتەرانە بنووسە کە پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی دەدەن بە سوریا؟

27 - باسی رۆڵی سعودیا بکە لە قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا؟

28 - لە بەر چی کۆماری ئیسلامی ئێران پاڵپشتی لە سوریا دەکات؟

29 - باسی پەیوەندیە مێژوویەکانی ئێران و سوریا بکە وەکو هۆکارێک بۆ پاڵپشتی ئێران لە سوریا؟

30 - بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا بنووسە؟

31 - لە بەر چی تورکیا ئامادە نیە پشتیوانی لە دابەشبوونی سوریا بۆ دوو وڵاتی عەلەوی مەزهەب و سوننە مەزهەب بکات؟

32 - ئەو هۆکارانە بنووسە کە وای لە ئیسرائیل کرد بەشداری لە قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا بکات؟

33 - "ئیسراییل لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی سوریا نیگەرانە" ئەمە روون بکەرەوە؟

34 - باسی گرنگترین ئامانجەکانی ئیسرائیل بکە لە قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا؟

35 - سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا روون بکەرەوە؟

36 - بەراوردێک بکە لە نێوان سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئێران لە قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا؟

37 - باسی رۆڵی ئمریکا بکە لە رۆژئاوای کوردستان لە سەردەمی قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا؟

38 - ئیسرائیل چ رۆڵێکی هەیە لە لە دەستێوەردانی ئەمریکا و ئێران لە قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا؟

39 - بەراوردێک بکەلە نێوان بۆچوونەکانی کوهێن و هانتینگتۆن سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

40 - بە خشتەیەک بەراوردێک بکە لە نێوان بەرژەوەندیەکانی سعودیا و ئێران لە قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا؟

41 - باسی رۆڵی عەلەویەکان لە سوریا و تورکیا بکە بۆ دەستێوەردانی تورکیا لە قەیرانی جیۆپۆلیتیکی سوریا؟

42 - ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کام شوێنانە دەگرێتەوە؟

3 4 - لە تیۆری هارتلەند باسی هیلالی ناوخۆیی و هیلالی دەرەکی بکە؟

4 4 - لە بەر چی دروستبوونی سیستەمێکی سیاسی نوێ- فیدرالی لە عێراق بووە هۆی بەردەوامی قەیرانی جیۆپۆلیتیکی لەم وڵاتە؟